کوردستان هەشداریدا لە بارەی لێکۆتێکانی دەستکاریکردنی ئینجامی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە لایەن بەغداوە

مەسرور بارزانی، لە میانەی سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەی ئینجومەنی وەزیراندا، هەشداریدا لە بارەی لێکۆتێکانی دەستکاریکردنی ئینجامی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە لایەن بەغداوە و رایگەیاند، ئەو هەنگاوە پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکانە و کاریگەریی نەرێنی لەسەر شایستەکانی هەرێم دەبێت.

بەپێی ڕاگەیەندراوێک کەدەستی موتەبەع کوتووە،ئەمڕۆ چوارشەممە، 11ـی شوباتی 2026، ئینجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بە سەرپەرشتیی سەرکۆزیران مەسرور بارزانی کۆبوونەوە.

سەرکۆزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: کە ئینجوومەنی وەزیرانی هەرێم هەوەستی فەرمیی خۆی لە بارەی دەرئەنجامەکانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراق یەکلا کردووەتەوە و هەرچەشنە دەستکاریکردنێک لە ڕەژەی دانیشتووانی هەرێم ڕەت دەکاتەوە.

مەسرور بارزانی نیگەرانیی خۆی نیشاندا بەرانبەر بە ڕەفتاری وەزارەتی پلاندانانی عێراقی فیدراڵ و گوتی: "وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵ، لە دەرەوەی بڕیارەکانی حکوومەتی عێراق و بە پێچەوانەی

ڕێکخۆتنی هاوبەشی هەردوو حکوومەت، مامەڵەی لەگەڵ دەرئەنجامی فەرمیی سەرژمێریەکە کردووە."

سەرکی حکوومەت هەشداریدا کە ئەم هەنگاوی بەغدا "کاریگەریی نەرێنیی دەبێت لەسەر شایستە دارایی و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان" و جەختی کردەوە کە دەخێکە "پێویستی بە گرتنەبەری ڕێکاری بە پەلە هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی".

مەسرور بارزانی، هاوڕستی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دووپات کردەوە و ڕایگەیاند: "ئەنجوومەنی وەزیران دەستکاریکردنی ڕژێی دانیشتووانی هەرێم لە لایەن وەزارەتی پلاندانانی فیدراڵەوە ڕەت دەکاتەوە و هەنگاوی پێویست دەگرێتە بەر بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان."

هەروەها داواشی لە حکوومەتی فیدراڵ کرد کە پابەند بێت بە ڕێککەوتنە هاوبەشەکان و دان بە ئەنجامی فەرمی ڕاگەیەنراوی سەرژمێریەکەدا بنێت کە ڕژێی هەرێمی کوردستان بە 14.1% جەگیر کردووە.